# ئەستێرەی ئێوارە

ئیدگار ئالان پۆ
لە ئینگلیزییەوە: مەحموود ئیبراهیم پێماڵکی
(قەڵادزە)

کات جەنگەی وەرزی هاوین بوو،
کاتی نیوەشەو بوو،
ئەستێرەکان لە خولگەکانیاندا،
زەرد بەهۆی شەوقی
مانگی سارد، ڕۆشنتر دەدرەوشانەوە.
هەسارەکانی ناوەڕاست و ئەوانی بچووکترن،
مانگ خودی خۆی لە ئاسمانەکان،
شەوقی لەسەر شەپۆلەکان بوو.
کەمێک ڕوانیمە،
زەردەخەنە ساردەکەی مانگ
زۆر سارد – زۆر سارد بۆ من
لەوێوە تێپەڕی، وەک پەردەیەک،
هەورێکی بەرگن
منیش ڕووم بۆ لای تۆ وەرگێڕا،
ئەی ئەستێرەی ئێوارەی شکۆدار
تۆ لە ئاسمان بە شەو هەڵدەگری
ئەو شتەی کە دڵی من زۆری پێ باشترە و
بەشێکی شانازی منە
ئەویش ئاگری ورتە،
لە ڕووناکییە نزمە ساردەکە.



## بۆ ئیسە دۆر

لە بن سواندەی ژێر دارمێو،
کە سێبەرەکەی شۆڕ بۆتەوە لەبەردەم
درگای کۆختە نزمەکەت –
لەژێر گەڵای گوڵەمێلاقەی لاراوەدا –
لەناو دەستی بەفریندا
کە گوڵی ئەرخەوانی هەڵگرتووە
دوێنێ شەو لە خەومدا تۆم دیت ڕاوەستابووی
وەک حۆرییەکی شکۆداری وڵاتی پەری نشین،
ئەی ئیسەدۆری زۆر جوان!
کاتێک خەونم دیتوە
لەسەر گیانی تۆ ڕۆیشتووم،
چاوە بنەوشەییەکانت کۆمن

کە هەڵیاندێنی وەک ئەوەیە
شادمانییەکی قووڵی وا بتکێنی کە نەبیسترابێ
لە ئاسوودەیی ئەوین،
برۆ نایابەکانت وەک گوڵە شلێری سپی و زەرد و
شەوی شکۆدار
لەسەر تەختی پادشاییەکەیان، بە ڕێکوپێکی لەگەڵ
ئەستێرەکانە،
گیانم شێت و شەیدای تۆ بووە!
ئاخ! هەمیشە سەیری
چاوە خەواڵووە بە سۆزەکانت دەکەم،
کە وەک ئاسمانی مەلوول شینن
کە بە پەراوێزی زێڕینی ڕۆژ، کاتی خۆرئاوا هەڵواسراون،
ئێستا دیمەنی نائاسایی ڕوونی تۆ دەردەکەوێ،
هەروەها یادگارە کۆنەکان
لە سستییەکی دوورودرێژیان ڕاچڵەکان
وەک سێبەر لەسەر بەفری خامۆش
کاتێک لە پڕ شیبا هەڵدەکا
لەو شوێنەی شەوقی مانگی خامۆشی بەسەردا دێ،
هەروەک مۆسیقا لە جیهانی خەیاڵدا دەبیسترێ،
بە وێنەی ژێی گیتارەکانی نەناسراو،
بە وێنەی ئەو باڵندانەی هەتا هەتایە فڕیون –
وەک دەنگی جۆگەلەکان دەبیسترێن
کە لەناو هەندێ دۆڵی پڕ گەڵا هاژەیان دێ،
من لەویانە هێمنترین ئاوازی تۆ دەبینم.

## تەنیا

لە ساتی منداڵیمەوە من وەک خەڵکی
نەبووم – هەروەک خەڵک دیتوویەتی
من وام نەدیتووە – من نەمتوانی
سۆزی خۆم لە بەهاری ئاسایی وەربگرم.
لە هەمان سەرچاوە من پەژارەی
خۆم وەرنەگرت، نەمتوانی دڵی خۆم
ببزوێنم بە هەمان ئاواز بۆ شادمانی،
هەموو ئەوەی خۆشم ویستووە، بەس تەنیاییم خۆش
ویستووە.
دوای ئەوە – لەکاتی منداڵیمدا – لە سەرەتای ژیانمدا
لە ئاشووبترین ژیاندا –
بۆ ناو هەموو چاکە و خراپەیەک پەلکێش کرام
کە تا ئێستاش پەنهانی دەمبەستێتەوە:
لە لێزمەدا، یان لە کانیدا،
لە کەندەڵانی سووری شاخ،
لە خۆر کە لە دەورم سووڕاوەتەوە
لە ڕەنگە زێڕینەکەیدا، لە پاییز –
لە هەورە برووسکەی ئاسمان
لەلای منەوە ڕەت بوو
لە هەورەتریشقە و ڕەشەبا
لە هەور کە شێوازێکی وەرگرتووە
(کاتێک سەراپا ئاسمان شین بوو)
لە دیدی من دێو و درنجە.

سەرچاوە:
**Selected short stories of Edgar Allan Poe, 1952.**